گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(2).Paper31

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 2023/06/22
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 2023/09/17
ڕێـکەوتی بڵاو کردنەوە: 2024/04/29

# لاوان و بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیدا

## توێژینەوەیەکی شیکاریی- مەیدانییە

**جبار قادر احمد**

jabar.ahmed@lfu.edu.krd

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زانکۆی لوبنانی فەرنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

لاوان ڕۆڵی بەهێز دەبینین لە بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسیدا، بە تایبەت پەیوەیست بە گۆڕینی بەها سیاسییەکان، وەکو کاراییان لە پرۆسەی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتیکردنیان و دروستکردنی فشار بۆ سەر سیستەمی سیاسی لە بەرجەستەکردنی داخوازییەکانیاندا، کە هەمیشە لە پێشەوەی گۆڕانکارییە سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتییەکاندا بون و بەشێک بون لە پرۆسەی گۆڕانکاری و بونیادنانەوەی سیستەمە سیاسییەکان، بەجۆرێک کاتێک داخوازییەکانیان بەرجەستەناکرێت و هەست بەبونی خۆیان لەناو کایەیی سیاسیدا ناکەن. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی چەندایەتییە، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕوی بەشداری کارای لاوان لە پرۆسەی سیاسیدا، کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە زانکۆ و پەیمانگەکانی شاری هەولێر و نمونەی توێژینەوەکەش قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەکانن، کە لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە زانیارییەکان کۆکراونەتەوە. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا، بۆمان دەرکەوتوە کە ئەندامبون لە ڕێکخراوێکی تایبەت بە (قوتابیان/ خوێندکاران) یان لاوان بریتییە (17.4%)، بەڵام ڕێژەی (82.6%)یش لە هیچ ڕێکخراوێکدا ئەندام نیین، هەوەرها تەنیا (29.4%)ی بەشداربوان ئەندامێکی حزبی سیاسین. پەیوەست بە بەشداری کارایان لە بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسیدا ڕێژەی (47.3%) لە هەڵبژاردنی پێشوی پەرلە مانی کوردستان (لە ساڵی 2018)دا بەشدارنەبون، بەڵام ئەگەر ئەمساڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

بکرێت، (58.2%) لە ئێستادا بڕیاریان وایە کە بەشدار دەبن، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینییە ئەوەیە کە (60.7%)ی بەشداربوان هیچ زانیارییەکیان لەسەر هەڵبژاردن بە لیستی یەک بازنەیی و فرەبازنەیی لە هەرێمی کوردستاندا نییە.

**وشە کلیلەکان:** لاوان، سیستەمی سیاسی، بەشداریی سیاسی، کۆمەڵگەی مەدەنی، هەڵبژاردن

## پێشەکی

لاوان بە توێژێکی کاریگەر و بزوێنەری گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە دیاریکراون، بەشێکی بەهێزی بزاوتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی سیاسی کۆمەڵگەکانن، کە ئاستی بەشداریان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕدرێت، لاوان (گەنجان) ڕۆڵێکی گەورە و گرنگیان لە بنیادنان و گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا هەیە. ئەو کۆمەڵگەیانەی لە ڕێژەیەکی مەزنی گەنجان پێکدێن، بە کۆمەڵگەی بەهێز و جوڵاو دەناسرێن، ئەمەیش بە هۆی ئەو وزە گەورەیەی کە لە لاواندا هەیە و دەتوانن ئاستی کۆمەڵگە بەرزبکەنەوە و بیخەنە جوڵە و یان بەشێکی کاریگەر بن لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، هەر بۆیە گەنجان بنچینە و بنەمای گەشە و پێشکەوتن و سەرچاوەی شارستانییەت و پاراستنی کۆمەڵگەن.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (لاوان و بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیدا؛ توێژینەوەیەکی مەیدانیی کۆمەڵناسییە)، گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە باس لە بەشداری کارای لاوان دەکات لە پرۆسەی سیاسیدا، گرفتی سەرەکی بریتییە لە لاوازی بەشداری لاوان لە پرۆسەی سیاسیدا بەشێوەیەکی ڕێکخراو. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندایەتییە و میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی تێیدا بەکارهاتوە. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەی بریتییە لە خستنەڕوی بەشداری کارای لاوان لە پرۆسەی سیاسیدا، کە کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە زانکۆ و پەیمانگەکانی ناو شاری هەولێر و نمونەی توێژینەوەکەش قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەکانن. بۆ ئەم توێژینەوە سود لە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی نمونەوە ( Social Survey by sampling) وەرگیراوە، لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە کە 201 قوتابی بەشێوەی هەڕەمەکی لە زانکۆ و پەیمانگەکانی ناو سەنتەری شاری هەولێر بەشدرابون.

## 1- چەمکەکانی توێژینەوەکە:

### 1.1: لاو؛

لاوان ئەو توێژەن کە کاریگەرییەکی دیارییان لەناو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی کۆمەڵگەکاندا هەیە، بەشێوەیەک کە بەپێی قۆناغەکانی تەمەن ئاستی ئەم توێژە دیاری دەکرێت. (فریث، 2001، 412). نەتەوە یەکگرتوەکانیش پێناسەی لاوانی کردوە بەوەی ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان (15– 24)ساڵین، بەڵام لە یاسای عێراق و هەرێمی کوردستاندا تەمەنی لاو لە نێوان 18تا 30 ساڵی دیاریکراوە، ئەگەرچی خوێندنەوەی جیاجیا بۆ تەمەنی لاو هەیە، بەڵام لاوان جیاکردنەوەیان لە گروپ و تەمەنەکانی دیکە لەڕێی تەمەنەوە کارێکی گران و دروست نییە، چونکە ئەم توێژە زۆر بەرفراوان و هەمەچەشن و جیاوازن لە تێڕوانین و ڕەفتار و ئاواتەکانیان، کە ئاڕاستە و توانا و ڕۆشنبیری و بیروڕای جیاواز لەخۆ دەگرن، بەڵام زانستی سۆسیۆلۆژی لاوان دیاریکردنی تەمەن دەبەستێتەوە بە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لاوان و تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسەی کە پێیدا تێدەپەڕێت کە یاخیبون و داواکردنی دانپێدانانی لەلایەن کۆمەڵگەوە لەخۆدەگرێت (فریث، 2001، 190).

سەبارەت بە ئاڕاستەی بایۆلۆژیی لاوان دەتوانین بڵێین کە لاو بە قۆناغێکی تەمەنی یاخود قۆناغێکی لە قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ، کە تێیدا گەشەی ئەندامیی فیزیکی و هەروەها پێگەیشتنی عەقڵی و دەرونی تەواو دەبێت، ئەم ماوەیە بە نێوان ١٥–٢٥ ساڵی دیاریکراوە، هەندێکیش بە ١٣–٣٠ ساڵی دەگرێتەوە. (مصطفی، 1998،162)، بەڵام ئاڕاستەی سایکۆلۆژی وایدەبینێ کەوا لاویەتی بریتییە لە حاڵەتێکی تەمەنی ژێر هەژمونی بایۆلۆژی و کولتوری کۆمەڵگە لەسەرەتای باڵقبونی مرۆڤ تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن (الرشد)، ئەم قۆناغەی تەمەن ڕەنگە درێژە بکێشێت یاخود کورتخایەن بێت، یا هەندێجار هەر نەبێت، بەپێی بارودۆخە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بەگوێرەی جیاوازییەکانی ناو یەک کۆمەڵگە، یا لە کۆمەڵگەیەکیشەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت، لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ڕەنگە قۆناغی هەرزەکاریی هەر نەبێت، بەڵام لە کۆمەڵگە هاوچەرخە ڕۆژئاواییەکان ئەم قۆناغە درێژە دەکێشێت، بگرە لەوانەیە لە دە ساڵان پتر بخایەنێت. (عوض، 1999، 139).

لە کۆمەڵناسیدا وەک پشتبەستنێکی بەردەوام بە کۆمەڵگە وەک چوارچێوەیەکی مەرجەعی "تەمەن بە گوێرەی کۆمەڵناسی بریتییە لە بەدواییەکداهاتنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لە خولی ژیاندا، هەروەها ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییە و ڕەهەندێکی پێودانگییە کە خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێک ڕەفتاری دیاریکراو کەوا کۆمەڵگە وای لێ چاوەڕێیە و لەگەڵ هەر ڕەوشێکیشدا دەگونجێ و ویستی گۆڕانکاری هەیە (الزایدی، 2006، 203).

ئاستەنگی بەردەم هەر توێژەرێکیش دیاریکردنی قۆناغی گەنجێتییە، داخۆ لە کام ساڵدا دەستپێدەکات و بەکام ساڵ کۆتایی دێت، چونکە گەنجاتی چەمکێکە چوارچێوەیەکی ڕێک و ڕونی نییە. بەلای (پیەر بۆردیو) سنوری نێوان تەمەنەکان و توێژە تەمەنییەکان بریتیین لە سنوری هەڕەمەکی، ئێمە نازانین لە کەیەوە گەنجاتی کۆتایی دێت تا ئەوەی پیرێتیی دەستپێبکات، وەک چۆن ناتوانین ئەمە دیاریبکەین کەی هەژاری کۆتایی دێت و دەوڵەمەندی دەستپیدەکات. (الزایدی، 2006، 250). گروپەکانی تەمەن بەلای (بۆردیۆ) زادەی بنیادی کۆمەڵگەن بەمەرجی دیاریکراوی کۆمەلایەتی سنوردراون و بەگوێرەی مێژو پەرەدەسەنێت و شێوە و شکڵ و مانا و چەمک وەردەگرێت و زۆر تۆکمە پەیوەستە بە بارودۆخە کۆمەلایەتییەکان، کەواتە لاوان بەگوێرەی کۆمەڵناسی بریتییە لە هەقیقەتێکی کۆمەلایەتی نەوەک تەنیا دیاردەیەکی بایۆلۆژی. دیاردەیەکی کۆمەلایەتییە و ئاماژەیە بۆ قۆناغێکی تەمەن، لەمیانەیدا نیشانەکانی پێگەیشتنی کۆمەلایەتی و دەرونی و بایۆلۆژی بەڕونی دەردەکەون. کۆمەڵناسەکان بەقۆناغی فێربون و دەرکەوتنی کەسێتیی تاکو چالاکبونی بەهرەکانی لە میانەی دەستکەوتنی کارامەیی و ماریفەتدا دەنێن، هەروەها گەنج بە پلەیەکی باڵای دنیامیکی و زیندویی و توانای لاستیکییانەی دەرچون و دەسپێک و ئازادیی و قوربانیدان جیادەبێتەوە. (الزایدی، 2006، 250).

بۆیە دواجار دەتوانین بڵێین کە لاوان ئەو توێژەن کە بەشێکی گرینگ و کاریگەری کۆمەڵگە پێکدەهێنن، بۆچون و دیدگابینیان بۆ ژیان، ڕەفتارەکانیان، بیرکردنەوەیان جیاوازن، بەجۆرێک لە ژێر هەژمونی ژینگەی کۆمەلایەتی و کولتوری و تەکنەلۆژیا و میدیا و سۆشیال میدیادان، کە ئەمەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕدرێت، هەروەها گروپێکن کە کاریگەریی دیاریان لە گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوریی و کۆمەلایەتییەکاندا هەیە.

## 2-1 بەشداری سیاسی:

پێناسەی بەشداریی سیاسیی زۆر و جۆراوجۆرە، وشەی بەشداری (Participation) بە شێویەکی گشتی واتە بەشداریکردن و هاوکاری لە هەر ڕویەکی چالاکی مرۆییەوە، زۆرجاریش زاراوەی بەشداری بەکاردێت بۆ وەسفکردنی چالاکییەکی خۆبەخشانە نەک زۆرەملێیانە. (سامویل هانتنگتۆن-Samuel Huntington )و (نیلسۆن S.M.Nelson-) پێیانوابو کە بەشداریی سیاسی بریتییە لە چالاکییەکی خۆبەخشانە؛ تاکەکەس یان کۆمەڵێک لە تاکی دیاریکراو پێیهەڵدەستن، بەمەبستی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر بونیادنانی سیاسەتی گشتی، وەکو: دەنگدان، ئەندامیەتی لە حزب و ڕێکخراو و گروپەکاندا و چالاکی بەردەوام لە چوارچێوەی ئەم گروپانەدا کە سیفەتی بەرژەوەندی هاوبەش و حیزبی سیاسی و بزوتنەوەکانیاندا هەیە و

وەرگرتنی پۆست لە دامودەزگا سیاسییەکان و مومارەسەکردنی سەرکردایەتیی سیاسی و چالاکییە نارێکخراوەییەکاندا، وەکو بەشداریکردن لە مشتومڕە سیاسییەکان و ئامادەبون لە بۆنە سیاسییەکان و خۆپیشاندانەکاندا و هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی دەسەڵات یان خەڵکی لە کاتی ڕوداوە سیاسییەکاندا بە کارکردن بە شێوەگەلی دیاریکراو (المشهداني،1991 :215). بۆیە ئەم زاراوەیە زۆر پەیوەستە بە سیستەمی دیموکراسییەوە، چونکە لە سیستەمە نادیموکراسییەکاندا بەشداریی سیاسی بەرتەسک دەکرێتەوە یان بە ڕێگای جیاوازتر لە پێشو ئاراستە دەکرێت و بەو هۆیەشەوە بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان و کۆبونەوەکان و دەنگدان لە هەڵبژارنەکاندا دەبێتە چالاکی زۆرەملێیانە (الالوسي، 2006، 49).

بەشداریی سیاسی بەم جۆرە پێناسە دەکرێت: ئەو جۆرەیە لە مومارەسەی سیاسی کە بەبێ جیاوازی، بۆ هاونیشتیمانیانی دەرەخسێنرێت بۆ بەشداریکردن لە دروستکردنی سیاسەتی گشتیی وڵات و مافی بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیار و بڕیارداندا، بە جۆرێکی وا کە ڕێکخستنی جەماوەر و تەقینەوەی وزە و هێزە داهێنەرانەکەی بە هۆی وەدیهاتنی ئامانجە خوازراوەکانییەوە بەدەربکەوێت (الزيباري،2006:27). یاخود دەکرێ بگوترێت بەشداریی سیاسی، بەشداریی تاکەکانە لە ئاستە جیاوازەکانی چالاکی لە سیستەمی سیاسییدا، بۆیە دەتوانین بڵێین چەند چالاکییەکی خۆویستانەیە کە بە هۆیەوە ئەندامانی کۆمەڵگایەک لە هەڵبژاردنی کەسانی حکومەتەکەیان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە دروستبونی سیاسەتی گشتییدا بەشدارن (McClocky,1968:101).

بۆیە دەکرێ بڵێین بەشداریی سیاسی بریتییە لە بەشداریکردنی تاکەکان لە کایە سیاسییەکان و ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە ژیانی سیاسییەوە هەیە، ئەمەش بە گرتنەبەری هەنگاوی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ.

## 2- تیۆرەکانی توێژینەوەکە:

### 1-2: تیۆری نوێبونەوە (Modernization Theory):

(هینتکتن) وایدەبینێت کە نوێکردنەوە بە بێ بونی شارستانیەتی و پیشەسازی و عەلمانیەت و دیموکراسی و فێرکدرن و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری ناتوانێت ڕێگەی خۆی لە کۆمەڵگەدا بگرێتەبەر، ئەم ڕواڵەتانەش بە شێوەی هەڕەمەکی ڕونادەن، بەڵکو بە یەکدییەوە بەستروان، بۆئەوەی بنچینەیەکی گەوهەری بۆ هاتنە ئارای نوێکردنەوەکە پێکبهێنن، هەروەها (سیرل بلاک) نوێکردنەوە دەچوێنێت بەو پرۆسەیەی کە لە ڕێیەوە دامەزراوە کۆمەڵایەتییە تازە گەشەکردوەکان خۆیان دەگونجێنن پێداویستی تاکەکان و گروپەکاندا، ئەمەش ڕێگە بە مرۆڤ دەدات بەسەر ئەو ژینگەیەدا زاڵ بێت کە تێیدا دەژ و گەشە دەکات، بۆیەشە (دێ

ڕۆسۆ)یش وای دەبینێت نوێکردنەوە و نوێبونەوە پرۆسەیەکی فراوانخوازی خێرایە لە زاڵبون بەسەر سروشتدا لە میانەی هارکارییەکی توندوتۆڵی نێوان مرۆڤەکان و بەشدارییەکی کارایان لە کۆێ پرۆسەکانی ژیاندا (الحسن، 1999 :568).

## 2-2: تیۆرێ ململانێێ نەوەکان:

ململانێی نەوەکان جۆرێکە لە ململانێ کۆمەڵایەتییەکان، بە بۆچونی کارل مانهایم (ململانێی نەوەکان گوزارشتە لەو ململانێیەی کە لە نێوان نەوەی کۆن و نەوەی نوێدا دێتە بەرهەم، بەهۆی جیاوازیان لە بۆچون و تێفکرین و ئاراستەی بیرکردنەوەیان بە جۆرێک نەوەی کۆن خوازیاری دەستگرتنە بەسەر هەمو ئەوانەی لە ڕابردودا بەدەستی هێناون و پێیانوایە دەبێت نەوەی نوێ پارێزگاریان لێبکات و ڕێگە بگرێت لە لەناوچونیان لە بەرامبەردا نەوەی نوێ باوەڕی بە نوێبونەوە هەیە و پێیوایە کە پێویستە ئایندە بە دڵی ئەو بگوزەرێ و خۆی داهاتو بەجۆرێکی دیکە و بەشێوازێکی نوێ بونیادبنێت (Mannheim, 1952: 49–50). بۆیە ئەم دژیەکیە لەبیرکردنەوە و دونیابینیە دەبێتە هۆی ململانێ لەنێوان دو نەوەدا نەوەیەک کە خواستێتی دونیا وەک ئەوە بچەرخێت کە ئەو دەیەوێت و ڕەتی هەمو ئەو بۆچونانە دەکەنەوە کە نەوەکەی تر هەیانە، لەبەرامبەردا نەوەیەک هەیە کە خواستی گۆڕانی هەیە بەپێی پێویستی سەردەمەکەی خۆی، (Mannheim, 1952: 309). ململانێ دیاردەیەکی حەتمییە و هەر دەبێت لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوبدات و سەرهەڵبدات، یان هەر دەبێ ئەندامانی دامەزراوەکان لە حاڵەتی ململانێدا بن لەگەڵ یەکدیدا، هۆکاری ئەو ململانێیەی بەسەر دامەزراوەی کۆمەڵگەدا زاڵدەبێت دەگەڕێتەوە بۆ خواستی ئەو کەسانەی کەوتونەتە ململانێوە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و بەرپرسیاریەتی و بەشداری سیاسی (الحسن، 1999: 530). مانهایم پێیوایە ململانێ لە نێوان نەوەکان، بەتایبەتی ململانێ نێوان نەوەی گەنج و نەوەی تەمەن ناوەند و ململانێ لە نێوان دوا نەوە و نەوەی گەورەکان و بەساڵاچوەکان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازییەکانیان لە هزر و بەرژەوەندی و بەها و مەیل و ئاراستەکانی نێوان ئەو نەوانە بەهۆی چەند هۆکارێک کە پەیوەستە بە جیاوازییەکانی تەمەنەوە، چونکە نەوەی گەنج باوەڕی بە جوڵەی زۆر و خێرایی لە جێبەجێکردنی کار و نوێکردنەوە و ڕۆیشتن لەگەڵ ڕۆحی چاخەکە هەیە، کەچی گەورەکان جوڵەیان هێواشە و کەمتر خێران، ئەوان باوەڕیان بە نوێکردنەوە و ڕۆیشتن لەگەڵ ڕۆحی چاخەکە نییە، بەڵکو باوەڕیان بە پارێزگاریکردنی دۆخی پێشو و دەستگرتن بە ڕابردو و گرنگیدان بە وردەکاری و ڕۆحییەتەکەی هەیە. جگە لەوانەش هزر و پرەنسیپەکانی گەنجەکان لەوەی کە تایبەتە بە هاریکاری و ڕەخنەی خودی و ئارامی و هەناسە درێژی و حەماسەت و کۆشش و بەخشین و وروژاندن جیاوازە لەگەڵ ئەوانەی کە بەساڵاچو و تەمەن ناوەندەکان دەستی پێوەدەگرن (الحسن، 2005، 45). زۆرجار بە سەپاندنی هێز و دەسەڵاتی توێژێک بەسەر توێژەکەی

تر کۆتایی دێت، ئەو سەپاندنەش وا دەکات چینە بە هێزەکە هەژمون و حوکمی خۆی بەسەر کۆمەڵگا بسەپێنێت بەپێی ویستی و ئارەزوی خۆی (Mannheim, 1981: 297).

## 1-3 میکانیزم و ڕێگاکانی بەشداریی سیاسی:

چەندین میکانیزمی جیاجیا هەن بۆ بەشداری لاوان لە دامەزراوە جیاجیاکاندا:

**یەکەم: بەشداری لاوان و گەنجان لە ڕێگای دامەزراوە فەرمییەکان:** لاوان لەناو دامەزراوە فەرمییەکاندا بەشدار دەبن و بەشێک دەبن لە پرۆسەی بڕیاردان و بەشداربونێکی کارا، کاتێک کە بونێکی ڕاستەقینەیان بەشێوەی دروست هەبێت.

**دوەم: بەشداریکردن لە ڕێگای حزبە سیاسییەکان:** حزبە سیاسییەکان بەشێکی گرینگی پرۆسەی سیاسی پێکدەهێنن، بۆیە لاوان لە ڕێگەی بون بە ئەندامبونیان دەتوانن بەشدارییەکی کارایان هەبێت لە پرۆسەی سیاسیدا، بە تایبەت ئەگەر بەشدارییان لە ئاستی باڵادا بێت و بەشداربن لە بڕیاری سیاسیدا.

**سێیەم: بەشداریکردن لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی گەنجان و لاوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:** ڕێکخراوەکان بەشێکی گرینگی پێکهاتەی سیاسی پێکدەهێنن، چونکە ئەوان پردی دروستکردنی پەیوەندین لە نیوان لاوان و دەسەڵاتی سیاسیدا، بۆیە بون و کاریگەریان لەناو ئەم ڕێکخراوانەدا دەتوانن بەشداربن لە پرۆسەی سیاسی و سیستەمی سیاسیدا. ئەم میکانیزمە بەشێکی گرینگی گروپی فشارە بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی و جێبەجێکردنی خواست و داواکارییەکانیان.

**چوارەم: بەشداریکردن لە دەنگدان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا:** لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە دەتوانن کاریگەری بەهێزیان لە گۆڕینی سیستەمی سیاسیدا هەبێت، بەجۆرێک سندوقەکانی دەنگدان میکانیزمێکی دروستن بۆ خۆسەلماندن و بونیان و ددانپێدانیان.

سەبارەت بە جۆرەکانی بەشداریی سیاسی لە کۆمەڵگە مرۆییەکان، تێگەیشتنی هەمەچەشن هەیە، هەرچەندە لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا مافی هاووڵاتیانە کە بەشداریی سیاسی بکەن، بەڵام ڕێژە واقیعییەکەی بەشداری لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە، دەشتوانین بەشداری بکەینە دو دەستەوە:

1ـ **بەشدارییەکی ئاسایی:** بەشداری لە هەڵبژاردنەکان و دەنگدان، و بەشداری لە پارتە سیاسیەکان و ململانێی سیاسییدا.

2ـ **بەشداریکردنی نائاسایی:** بەشداری لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، چالاکییە سیاسییە ڕادیکاڵەکان و شۆڕشدا (صبور،1381: 140).

بەشداریی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بەشدارییەکی فرەییە، بەجۆرێک لاوان لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە نوێنەرانی خۆی هەڵدەبژێرێت. لاوان لەناو حیزبە سیاسییەکان بەشدار دەبن لە پرۆسەی سیاسیدا ئەو کاتەی توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئەگەرنا مومارەسەی پرۆسەی ئۆپۆزسیۆنبونی خۆیان دەکەن. هەروەها چەندین سەندیکا و کۆمەڵەی پیشەیی و ڕێکخراوەکانی گەنجان و لاوان لە هەرێمی کوردستاندا هەن کە ئەندامەکانیان کەم تا زۆر لە پرۆسەی سیاسییدا بەشدارن و پێداگری لەسەر مافی گروپەکانیان دەکەن. دامەزراوە میدیاییەکانیش بە پێی ستراتیژی خۆیان بەشداری دەکەن لە پرۆسە و ڕوداوە سیاسییەکان و بەرفراوانکردنی فەزای گشتی و سیاسی کۆمەڵگەدا. هەر کۆمەڵگەیەکیش لاوانی تایبەت بەخۆی هەیە جۆرێتی و چەندێتییەکەی جیایە لە لاوانی هەر کۆمەڵگەیەکی تر بەگوێرەی جۆراوجۆرێتیی کۆمەڵگەکان. پەیوەندی نێوان لاوان لەناو کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی سەرەکی بەدو دامەزراوەدا تێدەپەڕێت، کە بریتیین لە دامەزراوەی خێزان و دامەزراوەی پەوەرەردە، ئەوانەش لەلایەن کۆمەڵگەوە چوارچێوەیان بۆ دادەنرێت، هەروەها مافەکانیان و ئەرکەکانیان بۆ دیاریدەکرێن، بەگوێرەی ئەم دوانەش کۆمەڵایەتیبونی تاک دێتەدی، بەمەش لاوان دەبنە هێزی گۆڕانی کۆمەڵگەیی، چونکە لاوان زۆرترین خەون و ئامانجیان لەکۆمەڵگە هەیە، زۆر زیاتر ئامادەی قبوڵی گۆڕان دوهاوتەریبی و گونجانیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان هەیە، بە شێوەیەکی نەرم و هێمنانە، هەروەها گەرموگوڕ و زیندوێتی و چالاکی بیر و بزاوتنیان هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی بەگەڕانەوە بۆ پاشخانە تیۆرییەکان و ژیانمان لە کۆمەڵگەی لێتوێژراو دەتوانین قەیرانەکانی لاوان بۆ سێ گروپ دابەش بکەین:

**یەکەم**: قەیرانە گشتییەکان کە پەیوەندیی بە تەمەن و قۆناغێکی تایبەت لە گەشەسەندنی تاکەوە نییە و ئەشێ لە هەر قەیرانێکدا لە ئاستی کەسی و لە پێودانگێکی کۆمەڵایەتی ڕوبدات.

**دوەم**: ئەو قەیرانانەی کە پەیوەستە بە کات و قۆناغێکی دیاریکراوەوە، لەم نێوانەدا قەیرانەکانی قۆناغی لاوی بایەخێکی زۆری هەیە و لە زۆربەی توێژینەوە سایکۆلۆژییەکان جەختی لەسەر کراوەتەوە.

**سێیەم**: ئەو خاڵەی شایستەی سەرنج لێدانە بەشێوەیەکی گشتی بایەخی قۆناغی لاوی و ڕۆڵی کاریگەر و ڕونی لاوان و هۆشیاری و وزەیان، قەیرانە فیکری و زەینییەکانیان بۆ تەواوی کۆمەڵگا پەخش دەکات و قەیرانە گشتییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو لاوان ڕەنگ دەداتەوە. لەم ڕوەوە، نەوەی لاو لەم بوارەدا پێویستە سەنتەری بایەخدان بێت بەو تێروانین و پرسانە.

## 4. لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە

### 1.4 میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

- میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتیی لە ڕێگەی نمونەوە، ئاشکرایە جۆری توێژینەوەکە، جۆری میتۆدی توێژینەوەکە دەستنیشان دەکات، ئەم توێژینەوەش لەم ڕووەوە میتۆدەکەی هەڵبژێردراوە.

- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانکۆ و پەیمانگەکانی شاری هەولێر.

- نمونەی توێژینەوەکە: نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیانی پەیمانگا و زانکۆکان لە هەمو قۆناغەکان، کە هەوڵدراوە (201) یەکە بەشێوەی هەڕەمەکی سادە وەربگیردرێت.

## پرسیارە گشتییەکان:

**یەکەم: ڕەگەز:** وەک لە خشتەی (1) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەگەزی نێر 51.7% یان پێکهێناوە و مێ 47.3%ی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە.

خشتەی ژمارە (1) ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| ڕەگەز | | |
|---|---|---|
| ڕەگەز | ڕێژە بە ژمارە | ڕێژە بە سەدی(%) |
| نێر | 97 | 47.3 |
| مێ | 104 | 51.7 |
| کۆی گشتی | 201 | %100 |

دوەم: **تەمەن:**

هەروەها سەبارەت بە تەمەن وەکو گۆڕاو؛ بەپێی زانیارییە بەدەستهاتوەکانی خشتەی (2)؛ ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 18تا 22 ساڵیدایە، (65.7%) زۆرترین نمونەی توێژینەوە پێکدەهێنن. لە ڕێزبەندی دوەمدا ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان 23 تا 27 ساڵیدان ڕێژەی (25.9%)ی پێکدەهێنن. لە ریزبەندیی سێیەمیش ئەوانەن

کە تەمەنیان لە نێوان 28 تا33 ساڵیدان کە ڕێژەی (4%) پێکدەهێنن. بە ڕێژەیەکی کەمتر لەوانیش 33تا 37ساڵین کە ڕێژەی (2.5%) پێکدەهێنن، کەمترین ڕێژەش بریتییە لە تەمەنی 38تا 42ی ساڵی ڕێژەی (2%)پێکدەهێنن.

لە ئەنجامی توێژینەوەکە بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرترین نمونەی توێژینەوە کە ئەو کەسانەن کە لەتەمەنی (18 تا 22) ساڵیدان.

خشتەی ژمارە (2) تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| تەمەن | | |
|---|---|---|
| تەمەن | ڕێژە بە ژمارە | ڕێژە بە سەدی (%) |
| (18تا 22) | 132 | 65.7 |
| (23تا 27) | 52 | 25.9 |
| 28تا 32) | 8 | 4.0 |
| (33تا 37) | 5 | 2.5 |
| (38تا 42) | 4 | 2.0 |
| کۆی گشتی | 201 | %100 |

**سێیەم: جۆری خوێندن**

**هەروەها سەبارەت بە گۆڕاوی ئاستی خوێندن؛** بەپێی خشتەی (3) دەرکەوتوە کە زۆرترین ئەوانەی بەشداری توێژینەوەکەیان کردوە قوتابی زانکۆن، کە (93.5%) پێکدەهێنن، ئاستی قوتابی پەیمانگە بەڕێژەی دوەم دێت کە بریتییە لە (5%)، ئاستی سێیەم بریتییە لە قوتابیانی خوێندنی باڵا بریتیین لە (1.5%).

خشتەی ژمارە (3) ئاستی خوێندنی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| ئاستی خوێندن | | |
|---|---|---|
| ئاستی خوێندن | ڕێژە بە ژمارە | ڕێژە بە سەدی(%) |

| | | |
|---|---|---|
| 5.0 | 10 | قوتابی پەیمانگە |
| 1.5 | 3 | قوتابی خوێندنی باڵا |
| 93.5 | 188 | قوتابی زانکۆ |
| %100 | 201 | کۆی گشتی |

## چوارەم: باری کۆمەڵایەتی

لەلایەکی دیکەوە پەیوەست بە **گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی لە خشتەی (4) دەرکەوتوە کە**؛ بەرزترین بەشداربو، ئەو کەسانەن کە سەڵتن بریتییە لە (89.6%)، هەروەها (10.4%)ی بەشداربوانیش چونەتە ناو ژیانی هاوسەرگیرییەوە.

خشتەی ژمارە (4) باری کۆمەڵایەتیی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| باری کۆمەڵایەتی | | |
|---|---|---|
| ڕێژە بە سەدی(%) | ڕێژە بە ژمارە | باری کۆمەڵایەتی |
| 9.0 | 18 | خێزاندار |
| 91.0 | 183 | سەڵت |
| %100 | 201 | کۆی گشتی |

## پێنجەم: باری ئابوری

لە لایەکی دیکە سەبارەت بە **گۆڕاوی باری ئابوری؛** بەپێی زانیارییە بەدەستهاتوەکانی خشتەی (5)، ئەوانەی کە بەشداربون بە ڕێژەی (63.7%) مامناوەندبون، هەروەها بەپێی توێژینەوەکە (22.9%) ئەو کەسانە بون کە بارودۆخیان باش بوە. نزمتر لەم ڕێژەیە ئەوانەن کە بارودۆخیان خراپە کە بریتین لە ڕێژەی (10.4%). نزمتر لەو ڕێژەیەش ئەوانە کە بارودۆخی ئابورییان زۆر خراپە کە بریتیین لە ڕێژەی (3.5%). نزمترین ئاستی ئابوری کە زۆر باشە بریتین لە ڕێژەی (2.5%) نمونەی توێژینەوە.

خشتەی ژمارە (5) باری ئابوریی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| باری ئابوری | | |
|---|---|---|
| باری ئابوری | ڕێژە بە ژمارە | ڕێژە بە سەدی (%) |
| زۆرباش | 5 | 2.5 |
| باش | 46 | 22.9 |
| مامناوەند | 121 | 60.2 |
| خراپ | 18 | 9.0 |
| زۆر خراپ | 11 | 5.5 |
| کۆی گشتی | 201 | %100 |

**شەشەم: شوێنی نیشتەجێبون**

**سەبارەت بە گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبون** لە خشتەی (6) دەرکەوتوە کە؛ ناو شاری هەولێر زۆرترین بەشداربوی توێژینەوەکەمان پێکدەهێنێت کە بریتییە لە ڕێژەی (67.2%)، دوەمیش بریتییە لە دانیشتوانی شارۆچکەکان کە ڕێژەکەی بریتییە لە (21.4%). سێیەمیش دانیشتوانی گوندەکانن کە لە ناو شاری هەولێر دەخوێنن بریتییە لە (10%) و ڕێژەی دانیشتوانی شارەدێیەکانیش بریتیین لە (1.5%).

خشتەی ژمارە (6) شوێنی نیشتەجێبونی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| شوێنی نیشتەجێبون | | |
|---|---|---|
| شوێنی نیشتەجێبون | ڕێژە بە ژمارە | ڕێژە بە سەدی (%) |
| شارەدێ | 3 | 1.5 |
| شارۆچکە | 43 | 21.4 |
| گوند | 20 | 10.0 |
| ناوشاری هەولێر | 135 | 67.2 |

| | | |
|---|---|---|
| %100 | 201 | کۆی گشتی |

**حەوتەم: نەتەوە**

سەرەڕای ئەوەش، **سەبارەت بە گۆڕاوی نەتەوە** لە خشتەی (7) بۆمان دەرکەوتوە کە زۆرترین بەشداربوانی نمونەی توێژینەوەکە لە نەتەوەی کورد پێکهاتوە، کە (97%)یە، کلدۆ ئاشوری (0.5%) پێکدەهێنن، تورکمان (2.5%) پێکدەهێنن.

خشتەی ژمارە (7) نەتەوەی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| **نەتەوە** | | |
|---|---|---|
| ڕێژە بە سەدی (%) | ڕێژە بە ژمارە | نەتەوە |
| 2.5 | 5 | تورکمان |
| .5 | 1 | کلدۆ ئاشوری |
| 97.0 | 195 | کورد |
| %100 | 201 | کۆی گشتی |

**هەشتەم: ئایین**

**هەروەها سەبارەت بە گۆڕاوی ئایین لە خشتەی (8)** بۆمان دەرکەوتوە کە موسڵمان (97.5%) بەشداربوانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. مەسیحی (0.5%)ی ئەندامانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. کاکەیی ڕێژەی (1.5%) پێکدەهێنن. هی دیکەش بریتییە لە (0.5%).

خشتەی ژمارە (8) ئایینی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| **ئایین** | | |
|---|---|---|
| ڕێژە بە سەدی (%) | ڕێژە بە ژمارە | ئایین |
| 1.5 | 3 | کاکەیی |
| 0.5 | 1 | مەسیحی |
| 97.5 | 196 | موسڵمان |
| 0.5 | 1 | هی دیکە |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 201 | %100 |

## زانیارییە تایبەتییەکان

### یەکەم: ڕەهەندی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان:

لەم ڕەهەندەدا سێ پرسیار خراونەتە ڕو، یەکەمیان؛ ڕۆژانە هەوڵدەدەیت کتێب بخوێنیتەوە، لە وەڵامدا (55.7%) دەڵێ (بەڵێ) و لە (20.9%) (دەرفەتم نییە) و ڕێژەیی (23.4%) بە (نەخێر) وەڵامیداوەتەوە. لەبەرئەوەی نمونەی توێژینەوەکەمان قوتابیانی زانکۆن و کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش زانکۆ و پەیمانگەکانی ناو سەنتەری شاری هەولێرە، دەبو ڕێژەی خوێندنەوە زۆر زیاتر بێت، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە خوێنەری کتێب لەناو زانکۆ و پەیمانگەکان بە بەهێز نابیندرێت. دوەمیان؛ ئایا تەماشای فیلم دەکەیت؟ لە وەڵامدا (65.7%) دەڵێ (بەڵێ) و لە (11.4%) (دەرفەتم نییە) و ڕێژەیی (22.9%) بە (نەخێر) وەڵامیداوەتەوە. فیلم بەشێکە لە سانانی مەعریفی و خستنەڕوی مێژو و جوگرافیا و کولتوری کۆمەڵگەکان، بۆیە تەماشاکردن و بەهەند وەرگرتنی بەشێکە لە بەرزبونەوەی توانا مرۆییەکان. سێیەم؛ ئایا گوێ لە گۆرانی و میوزیک دەگریت؟ لە وەڵامدا (72.6%) دەڵێ (بەڵێ) و لە (5.5%) (دەرفەتم نییە) و ڕێژەیی (21.9%) بە (نەخێر) وەڵامیداوەتەوە.

**خشتەی (9) ڕەهەندی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو**

| ڕەهەندی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان | بەڵێ | | دەرفەتم نییە | | نەخێر | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| ئایا ڕۆژانە هەوڵدەدەیت کتێب بخوێنیتەوە؟ | 112 | 55.7 | 42 | 20.9 | 47 | 23.4 |
| ئایا تەماشای فیلم دەکەیت؟ | 132 | 65.7 | 23 | 11.4 | 46 | 22.9 |
| ئایا گوێ لە گۆرانی و میوزیک دە گریت؟ | 146 | 72.6 | 11 | 5.5 | 44 | 21.9 |

### دوەم: ڕەهەندی بەشداربونی سیاسی

لەم ڕەهەندەدا دو پرسیاری سەرەکی خراونەتە ڕو، کە پەیوەندیارن بە ئەندامبون لە ڕێکخراوەکان و حزبە سیاسییەکان. **پرسیاری یەکەم؛ ئایا ئەندامی لە ڕێکخراوێکی تایبەت بە (قوتابیان خوێندکاران) یان لاوان؟** لە وەڵامدا (17.4%) دەڵێ (بەڵێ) بەلام ڕێژەیی (82.6%) بە (نەخێر) وەڵامیداوەتەوە. **ڕێژەی ئەندام نەبون** زۆر بەرزە و مانایەکی جیاوازی هەیە، جۆرێک لە بێ متمانەیی و باوەڕنەبون بە کارکردنی ڕێکخراوەکان دەبیندرێت. دوەم؛ **ئایا ئەندامی حزبێکی سیاسی هەرێمی کوردستانیت؟** لە وەڵامدا ڕێژەی (29.4%) بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە و ڕێژەی (70.6%) بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە. لێرەشدا ڕێژەکە بەرزە و جێگای هەڵوێستەکردنە، لەم دۆخەدا باوەڕبون و ئەندامبون لەناو حزبە سیاسییەکان کەمە و لە ئاستی داخوازیی لاواندا نییە، دیارە باوەربون و کارکردن لەگەڵ حزبە سیاسییەکان لای لاوان پەسەندکراو نییە.

**خشتەی (10) ڕەهەندی بەشداربونی سیاسیی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو**

| ڕەهەندی بەشداربونی سیاسی | بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % |
| ئایا ئەندامی لە ڕێکخراوێکی تایبەت بە (قوتابیان و خوێندکاران) یان لاوان و لاوان؟ | 35 | 17.4 | 166 | 82.6 |
| ئایا ئەندامی حزبێکی سیاسی هەرێمی کوردستانیت؟ | 59 | 29.4 | 142 | 70.6 |

**سێیەم: ڕەهەندی بەشداری ئافرەتان**

**یەکەم؛ ئایا لات گرینگە ئافرەتانیش خۆیان بۆ پرۆسەی سیاسی بپاڵێون و بەشداری سەرەکی بن؟ لە** وەڵامدا ڕێژەی (61.2%) بە (بەڵێ) و (26.4%)یش (لام گرینگ نییە) و (12.4%)یش بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە. دوەم؛ **ئایا حزبە سیاسییەکان دەرفەتی خۆپاڵاوتن بە یەکسانی بۆ هەر دو ڕەگەز دەڕەخسێنن؟** لە وەڵامدا ڕێژەی (40.8%) بە (بەڵێ) و (26.9%.)یش (لام گرینگ نییە) و (32.3%)یش بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە. تائیستاش بیرکردنەوەی تاکەکان بۆ کارکردنی ئافرەتان لەناو کایەیی سیاسیدا بە بەهێزی نابیندرێت و بەهەند وەرنەگیراوە، ئەمەش پەیوەندیدارە بە کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتوریی لەسەر لاوان، کە جۆرێک لە خۆ پارێزی و پەیوەستبون بە دابونەریتەکان تێیدا ڕەنگیداوەتەوە.

**خشتەی (11) ڕەهەندی بەشداربونی ئافرەتان دەخاتەڕو**

| ڕەهەندی بەشداری ئافرەتان | بەڵێ | | لام گرنگ نییە | | نەخێر | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| **ئایا لات گرینگە ئافرەتانیش خۆیان بۆ پرۆسەی سیاسی بپاڵێون و بە شداری سەرەکی بن؟** | 123 | 61.2 | 53 | 26.4 | 25 | 12.4 |
| **ئایا حزبە سیاسییەکان دەرفەتی خۆپاڵاوتن بە یەکسانی بۆ هەر دو ڕەگەز دەڕەخسێنن؟** | 82 | 40.8 | 54 | 26.9 | 65 | 32.3 |

**چوارەم: ڕەهەندی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

لە ڕەهەندی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دو پرسیار خراونەتەڕو، یەکەم؛ ئایا تا ئێستا بەشداریت لە خۆپیشاندا کردوە؟ لە وەڵامدا (80.6%) بە (نەخێر) وەڵامیداوەتەوە، (11.9%) بە (بەڵێ) و (7.5%) بە بەلامەوە گرینگ نییە وەڵامیداوەتەوە. دوەم؛ **ئایا بەشداریی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەیت؟** لە وەڵامدا (63.2%) بە (نەخێر) وەڵامیداوەتەوە، (16.4%) بە (بەڵێ) و (20.4%) بە بەلامەوە گرینگ نییە وەڵامیداوەتەوە.

بەشداری نەکردن لە چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئەدای کارای ڕێکخراوەکان و لەلایەکی دیکەوە پابەندبونی توندی کۆمەڵگەی کوردستان بە نۆرم و نەریتی کۆمەڵایەتی و سنوردارکردنی ئازادییەکانی تاک لە دامەزراوەی خێزاندا و بەریەککەوتنی ئاراستەکانی بیرکردنەوەی هەر دو جیلی کۆن و نوێ و سیستەمی سیاسی، هەروەها کەمئەزمونی ڕێبەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاست تێگەیشتن لە پرەنسیپەکانی کارکردنی ڕێکخراوەیی، کارنامەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی لە چوارچێوەیەکی سنورداردا قەتیس بوە و نەیتوانیوە کاریگەر بێت.

**خشتەی (12) ڕەهەندی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەخاتەڕو**

| ڕەهەندی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | بەڵێ | | لام گرنگ نییە | | نەخێر | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| ئایا تا ئێستا بەشداریت لە خۆپیشاندانداندا کردوە؟ | 24 | 11.9 | 15 | 7.5 | 162 | 80.6 |
| ئایا بەشداریی چالاکییەکانی ڕێکخراوە کانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەیت؟ | 33 | 16.4 | 41 | 20.4 | 127 | 63.2 |

**پێنجەم: ڕەهەندی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن**

لە ڕەهەندی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا، چەندین پرسیار خراونەتە ڕو، یەکەم؛ **ئایا لە هەڵبژاردنی پێشوی پەرلەمانی کوردستان (لە ساڵی 2018)دا بەشداربویت؟** لە وەڵامدا (47.3%) بە (نەخێر) و (36.3%) بە (بەڵێ) و (16.4%) بە تەمەنم دەرفەتی پێنەداوم وەڵامدراوەتەوە. ڕێژەی بەشداری نەکردنی لاوان زۆر بەرزە و جۆرێک لە بێ متمانیی یان بەهەند وەرنەگرتنی لاوان دەبیندرێت بەرانبەر شێوازی بەشداریکردن. دوەم؛ **ئایا ئەگەر ئەمساڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکرێت، بەشدار دەبیت؟** لە وەڵامدا (58.2%) بە (بەڵێ) و (23.4%) بە (نەخێر) و (18.4%) بە (بڕیارم نەداوە) وەڵامیداوەتەوە. ڕێژەی ئامادەسازی بۆ بەشداریکردن بەرز دەبیندرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی بڕیاریان نەداوە ڕەنگە بەپێی دۆخەکە بڕیارەکەیان گۆڕانکاری بەسەردا بێت. سێیەم؛ **ئایا لە دەنگدانت بەو لیست و کەسەی کە پێتدابو پەشیمانیت؟** لە وەڵامدا ڕێژەی (44.8%) بە (نەخێر) و (39.8%) بە (نازانم) و (15.4%) بە (بەڵێ) وەڵامیداوەتەوە. چوارەم؛ **ئەگەر بەشداری دەنگدان بکەیت، ئایا دەنگ بە لاوێکی بەتوانا دەدەیت؟** لە وەڵامدا (67.2%) بە (بەڵێ) و (24.9%) بە (هێشتا بڕیارم نەداوە) و (8%) بە (نەخێر) وەڵامیداوەتەوە. خودی بەهێزی بەشداریکردنی لاوان و متمانەبونیان بە نوێنەرایەتیکردنی لاوان لەم ئەنجامەوە دەبیندرێت.

**خشتەی (13) ڕەهەندی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو**

| ڕەهەندی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن | بەڵێ | | تەمەن دەرفەتی پی نەدام | | نەخێر | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| ئایا لە هەڵبژاردنی پێشوی پەرلەمانی کوردستان (لە ساڵی 2018)دا بەشداربویت؟ | 73 | 36.3 | 33 | 16.4 | 95 | 47.3 |
| | بەڵێ | | بڕیارم نەداوە | | نەخێر | |
| ئایا ئەگەر ئەمساڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکرێت، بەشدار دەبیت؟ | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| | 117 | 58.2 | 37 | 18.4 | 47 | 23.4 |
| | بەڵێ | | نازانم | | نەخێر | |
| ئایا لە دەنگدانت بەو لیست و کەسەی کە پێتدابو پەشیمانیت؟ | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| | 31 | 15.4 | 80 | 39.8 | 90 | 44.8 |
| | بەڵێ | | هێشتا بڕیارم نەداوە | | نەخێر | |
| ئەگەر بەشداری دەنگدان بکەیت، ئایا دە نگ بە لاوێکی بەتوانا دەدەیت؟ | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| | 135 | 67.2 | 16 | 8 | 50 | 24.9 |

## شەشەم: ڕەهەندی میکانیزمی هەڵبژاردن

یەکەم؛ **هیچ زانیارییەکت هەیە لەسەر هەڵبژاردن بە لیستی یەک بازنەیی و فرە بازنەیی؟** لە وەڵامدا (53.2) بە (نەخێر) و (25.9%) بە (کەمێک زانیاریم هەیە) و (20.9%) بە (بەڵێ) وەڵامیداوەتەوە. دوەم؛ **لەگەڵ ئە وەدایت کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان فرە بازنە بێت؟** لە وەڵامدا (60.7%) بە (هیچ زانیاریم لەسەر

بابەتەکە نییە) و (22.4%) بە (بەڵێ) و (16.9%) بە (نەخێر) وەڵامیداوەتەوە. بەداخەوە بەرزی ڕێژەی نەبونی زانیاری ورد لەسەر هەڵبژاردنی فرە بازنەیی و لێکەوتە و دەرهاویشتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی جێگای تێڕامان و وردبونەویە، کە بەشێکی پەیوەستە بە بەهەند وەرنەگرتنی خودی بابەتەکە و بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاونەکردنەوەی زانیاری ورد لەسەر هەڵبژاردنی فرە بازنەیی.

**خشتەی (14) ڕەهەندی میکانیزمی هەڵبژاردن دەخاتەڕو**

| ڕەهەندی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | بەڵێ | | کەمێک زانیاریم هەیە | | نەخێر | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| **هیچ زانیارییەکت هەیە لەسەر هە ڵبژاردن بە لیستی یەک بازنەیی و فرە بازنەیی؟** | 42 | 20.9 | 52 | 25.9 | 107 | 53.2 |
| **لەگەڵ ئەوەدایت کە هەڵبژاردنی پەرلە مانی کوردستان فرە بازنە بێت؟** | 45 | 22.4 | 122 | 60.7 | 34 | 16.9 |

**حەوتەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی**

لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا، چەندین پرسیاری سەرەکی خراونەتە ڕو، یەکەم؛ **ئەگەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان فرە بازنە بێت، ئایا خێڵ و عەشیرەت زیاتر دەردەکەون؟** لە وەڵامدا (62.2%) بە (زانیاریم لەسەر بابەتەکە نییە) و (27.4%) بە (بەڵێ) و (10.5%) بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لێکەوتە دەرهاویشتەکانی فرە بازنەیی بۆ لاوان لەبواری کۆمەڵایەتیدا ڕون نییە، بۆیەشە زۆرترینیان (زانیاریم لەسەر بابەتەکە نییە) هەڵبژاردوە، ئەمە جێگەی پرسیارە، چونکە زۆربەی حزبە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنی فرە بازنەییدا پشتیان بە دیاریکردنی نوێنەرانی خێڵ و عەشیرەتە جیاجیاکان و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنوسان دەبەست لە دیاریکردنی کاندیدانیاندا. دوەم؛ **ئایا لە هەڵبژاردنی لیستی کراوەدا، کەمتر کە سانی پسپۆڕ و شارەزا دەردەکەون؟** لە وەڵامدا (60.2%) بە (زانیاریم لەسەر بابەتەکە نییە)، و بە (29.9%) بە (بەڵێ) و (10%)یش بە (نەخێر) وەڵامیداوەتەوە. سێیەم؛ **ئایا لە هەڵبژاردنی کراوەیی فرە بازنەیدا؛**

**ئینتیمابون بۆ خێڵ زیاتر دەکات؟** لە وەڵامدا ڕێژەی( 64.7%) بە (زانیاریم لەسەر بابەتەکە نییە)، و بە (21.9%) بە (بەڵێ) و (13.4%)یش بە (نەخێر) وەڵامیداوەتەوە. چوارەم؛ **ئایا دەنگ بەو کەسە دەدەیت کە نوێنەرایەتی عەشیرەتەکەت، خێڵەکەت یان خێزانەکەت دەکات؟** لە وەڵامدا ڕێژەی ( 38.8%)بە (هێشتا بڕیارم نەداوە) و (32.3%) بە (نەخێر) و (28.9%) بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە. **ئایا دەنگ بەو لاوە دەدەیت کە لە ناو عەشیرەتەکەت یان خێڵەکەت دیاریکراوە؟** لە وەڵامدا ڕێژەی ( 37.8%)بە (هێشتا بڕیارم نەداوە) و (33.3%) بە (نەخێر) و (28.9%) بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە.

هەڵبژاردنی فرە بازنەیی بۆ کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان پرۆسەیەکی ئاڵۆز و ناڕونە، چونکە زیاتر لە فرە بازنەییدا نوێنەرانی گروپە ئایینی و مەزهەبی و ئێتنیکی و عەشیرەت و خێڵەکان دەردەکەون و کاریگەریی ناوچەگەرییان لەسەر دەبێت، بۆیە دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی فرە بازنەیی لە بواری ململانێی مەزهەبی و کۆمەڵایەتییدا زیاتر پەرەدەسێنێت و بنەمایی ئیتیمابون بۆ مەزهەب و خێڵ و عەشیرەت بەگەڕ دەخاتەوە.

**خشتەی (15) ڕەهەندی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان دەخاتەڕو**

| **ڕەهەندی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان** | بەڵێ | | زانیارییم لەسەر بابەتەکە نییە | | نەخێر | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| **ئەگەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان فرە بازنە بێت، ئایا خێڵ و عەشیرەت زیاتر دەردەکەون؟** | 55 | 27.4 | 125 | 62.2 | 21 | 10.5 |
| **ئایا لە هەڵبژاردنی لیستی کراوەدا، کەمتر کەسانی پسپۆڕ و شارەزا دەردەکەون؟** | 60 | 29.9 | 121 | 60.2 | 20 | 10.0 |
| **ئایا لە هەڵبژاردنی کراوەیی فرە بازنەیدا؛ ئینتیمابون بۆ خێڵ زیاتر دەکات؟** | 44 | 21.9 | 130 | 64.7 | 27 | 13.4 |
| | بەڵێ | | هێشتا بڕیارم نەداوە | | نەخێر | |

| % | ژ | % | ژ | % | ژ | ئایا دەنگ بەو کەسە دەدەیت کە نوێنەرایەتی عەشیرەتەکەت، خێڵەکەت یان خێزانەکەت دەکات؟ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 32.3 | 65 | 38.8 | 78 | 28.9 | 58 | |
| 33.3 | 67 | 37.8 | 76 | 28.9 | 58 | ئایا دەنگ بەو لاوە دەدەیت کە لەناو عەشیرەتەکەت یان خێڵەکەت دیاریکراوە؟ |

**هەشتەم: ڕەهەندی بەها دیموکراسییەکان**

لە ڕەهەندی بەهای دیموکراسیدا، چەندین پرسیاری جیاجیا خراوەتە ڕو، کە بریتیین لە؛ یەکەم: **ئایا دەنگ بەو کەسە دەدەیت کە حزبەکەت بۆی دیاری کردویت؟** لە وەڵامدا ڕێژەی (35.3%)بە (هێشتا بڕیارم نەداوە) و (33.8%) بە (بەڵێ) و (30.8%) بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە. دوەم؛ **ئایا باوەڕت بە دەرئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن هەیە؟** لە وەڵامدا ڕێژەی (40.3%) بە (نەخێر) و (37.3%) بە (بەڵێ) و (22.4%) بە (نازانم) وەڵامیانداوەتەوە. سێیەم؛ **ئایا لە هەڵبژاردنەکانی پێشودا بە ئازادانە دەنگی خۆت داوە؟** لە وەڵامدا ڕێژەی (76.6%) بە (بەڵێ) و (23.8%) بە (نەخێر). چوارەم؛ **ئایا بە دەنگدانت دەتوانیت گۆڕانکاری بکەیت و بەشدار بیت لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا؟** لە وەڵامدا ڕێژەی ( 51.7%) بە (بەڵێ) و (16.9%) بە (لام گرینگ نییە) و (15.9%) بە (نەخێر) و (15.4%) (هیچ زانیاریم لەسەر ئەم بابەتە نییە) وەڵامیانداوەتەوە. پێنجەم؛ **ئایا بەشداری لاوان بە بەهێزی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بە کارێکی باش دەزانیت؟** لە وەڵامدا ڕێژەی ( 73.1%)بە (بەڵێ) و (18.9%) بە (لام گرینگ نییە) و (8%) بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە. شەشەم؛ **ئایا دەنگدانت هیچ لە دۆخی هەرێمی کوردستان و ژیانی خۆت و خەڵک دەگۆڕێت؟** لە وەڵامدا ڕێژەی ( 39.8%)بە (بەڵێ) و (32.3%) بە (کەم گۆڕانکاری دەبینم) و (20.9%) بە (نەخێر) و (7%) (لام گرینگ نییە) وەڵامیانداوەتەوە.

ڕەهەندی دیموکراسی لەم بوارەدا گرینگ و هەستیارە، ئەگەرچی ڕێژەیەکی زۆری لاوان باوەڕیان بە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن نییە و کەمترین گۆڕانکاری دەبینن لە سیستەمی سیاسیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرترینیان باوەڕیان وابوە کە ئازادن لە دەنگدان.

**خشتەی (16) ڕەهەندی دیموکراسیی دەخاتەڕو**

| ڕەهەندی بەهای دیموکراسی | بەڵێ | | بڕیارم نەداوە | | نەخێر | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| ئایا دەنگ بەو کەسە دەدەیت کە حزبەکەت بۆی دیاری کردویت؟ | 68 | 33.8 | 71 | 35.3 | 62 | 30.8 | | |
| ئایا باوەڕت بە دەرئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن هە یە؟ | بەڵێ | | نازانم | | نەخێر | | | |
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| | 75 | 37.3 | 45 | 22.4 | 81 | 40.3 | | |
| ئایا لە هەڵبژاردنەکانی پێشودا بە ئازادانە دەنگی خۆت داوە؟ | بەڵێ | | نەخێر | | | | | |
| | ژ | % | ژ | % | | | | |
| | 154 | 76.6 | 47 | 23.4 | | | | |
| ئایا بەشداری لاوان بە بەهێزی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بە کارێکی باش دەزانیت؟ | بەڵێ | | لام گرینگ نییە | | نەخێر | | | |
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| | 147 | 73.1 | 38 | 18.9 | 16 | 8 | | |
| ئایا بە دەنگدانت دەتوانیت گۆڕانکاری بکەیت و بە شداربیت لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا؟ | بەڵێ | | لام گرینگ نییە | | نەخێر | | هیچ زانیارییەکم لەمبارەوە نییە | |
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| | 10<br>4 | 51.7 | 34 | 16.9 | 32 | 15.9 | 31 | 15.4 |
| ئایا دەنگدانت هیچ لە دۆخی هەرێمی کوردستان و ژیانی خۆت و خەڵک دەگۆڕێت؟ | بەڵێ | | لام گرینگ نییە | | نەخێر | | کەم گۆڕانکاری دەبینم | |

| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 80 | 39.8 | 14 | 7 | 42 | 20.9 | 65 | 32.3 |

## دەرئەنجام

بەشێوەیەکی گشتی لەم توێژینەوەیە گەیشتوین بە چەندین دەرەئەنجام کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕو:

١- بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە، قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەکانی سنوری شاری هەولیر؛ ڕێژەی ئەندام نەبون لە ڕێکخراوێکی تایبەت بە (قوتابیان و خوێندکاران) یان لاوان زۆر بەرزە و، ئەمەش مانایەکی جیاوازی هەیە، جۆرێک لە بێ متمانەیی و باوەڕنەبون بە کارکردنی ڕێکخراوەکان دەبیندرێت. لە بەرانبەریشدا ڕێژەی ئەندام نەبون لە حزبە سیاسیاییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەرزە و ئەمەش جۆرێک لە بەهەند وەرنەگرتن و نەبونی متمانە بە هێزە سیاسییەکان دەبیندرێت.

٢- دەرکەوتوە زۆرینەی بەشداربوان پێیان باش بو کە ئافرەتانیش خۆیان بۆ پرۆسەی سیاسی بپاڵێون و بەشداری سەرەکی بن. هەروەها (40.8%)یش پێیانوایە کە حزبە سیاسییەکان دەرفەتی خۆپاڵاوتن بە یە کسانی بۆ هەر دو ڕەگەز دەڕەخسێنن.

٣- بۆمان ڕونبۆتەوە کە ڕێژەی(47.3%)ی قوتابیانی بەشداربو لە هەڵبژاردنی پێشوی پەرلەمانی کوردستان (لە ساڵی 2018)دا بەشدارنەبون، بەڵام ئەگەر ئەمساڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکرێت، (58.2%) قوتابیان لە ئێستادا بڕیاریان وایە کە بەشدار دەبن.

٤- ڕون بۆتەوە کە تەنیا ڕێژەی (33.8%)ی قوتابیانی بەشداربو، دەنگ بەو کەسە دەدەن کە حزبەکەیان بۆی دیاریکردوین. (40.3%)ی بەشداربوانیش باوەڕیان بە دەرئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن هەیە، بەڵام ڕێژەی (76.6%) دەڵێن لە هەڵبژاردنەکانی پێشودا بە ئازادانە دەنگی خۆیان داوە. هەروەها ڕێژەی ( 51.7%) پێیانوایە کە بە دەنگدان دەتوانن گۆڕانکاری بکەن.

٥- دەرکەوتوە کە زۆرترین ڕەژەی بەشداربوان، بەشداری لاوان بە بەهێزی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بە کارێکی باش دەزانن و دەنگیش بە لاوێکی بەتوانا دەدەن.

٦- بۆمان ڕونبۆتەوە زۆرینەی بەشداربوان پێیانوایە کە بەشداریی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناکەن.

٧- ئاشکرا بوە کە زۆرترین بەشداربوانی ئەم ڕاپرسییە؛ هیچ زانیارییەکیان لەسەر هەڵبژاردن بە لیستی یە ک بازنەیی و فرە بازنەیی نییە. هەروەها زانیاریان لەسەر ئەوە نییە کە ئەگەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان فرە بازنە بێت، خێڵ و عەشیرەت زیاتر دەردەکەون. ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە بەشێکی

زۆری لاوان زانیارییان لەسەر جیاوازی و لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی سیستەمی فرە بازنەیی و یەک بازنەیی نییە.

٨- هەروەها زۆربەی بەشدرابوان پێیانوایە کە بە دەنگدان دەتوانن گۆڕانکاری بکەن و بەشداربن لە پرۆسە یەکی دیموکراسیدا، بۆیەشە زۆربەی بەشدرابوان بەشداری لاوان بە بەهێزی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بە کارێکی باش دەزانن. هەروەها لە وەلامی ئەو پرسیارەی کە ئایا دەنگدانت هیچ لە دۆخی هەرێمی کوردستان و ژیانی خۆت و خەڵک دەگۆڕێت؟ لە وەلامدا ڕێژەی (39.8%)بە (بەڵێ) و (32.3%) بە (کەم گۆڕانکاری دەبینم) و (20.9%) بە (نەخێر) و (7%) (لام گرینگ نییە) وەلامیانداوەتەوە.

**پێشنیازەکان:**

١- پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هوشیاری سیاسی لە نێو قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەکان بڵاوبکەنەوە.

٢- دەرکەوتوە کە زۆرترین ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە، بەشداری لاوان بە بەهێزی لە پرۆسەی هە ڵبژاردندا بە کارێکی باش دەزانن و دەنگیش بە لاوێکی بەتوانا دەدەن.

٣- پێویستە هەوڵبدرێت زانیارییەکانی قوتابیان سەبارەت بە پرسەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و مافەکانیان زیاد بکرێت.

٤- پێویستە دامەزراوە حکومییەکان پاڵپشتیی زیاتر لە ئافرەتان بکەن تاوەکو بەشداری پرۆسەی خۆکاندیدکردن و دەنگدان بکەن.

٥- پێویستە قوتابیان کاتی زیاتر بۆ خوێندنەوە تەرخان بکەن و پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆیش بەو ئاراستەیە بێت کە زیاتر قوتابیان بەرەو خوێندنەوە هان بدات.

# Youth and their participation in the political process

# It is a sociological analysis research

**Jabar Qader Ahmed**

Department of Sociology, College of Law and International Relations, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Youth people are the most important basis for the development of social and political systems and heritage change in different societies, so that their influence and dominance over various areas of life appears strongly, especially with regard to lifestyle, thinking, behavior and their point of view in the way of managing the political system. young people plays a powerful role in their Participation in the Political process, such as participation and representation in the electoral process, Pressure on the political system to achieve their demands, who were always been on the forefront of political, cultural and social changes and They were part of the process of changing and rebuilding political systems , when their demands are not met and they do not feel their presence in the political sphere, they do not allow political stability and continuity, so their presence and role appear strongly in society. this research is quantitative research, and the aim of the research is to display the active participation of young people in the political process. The research community is represented by universities and institutes in Erbil, sample research study from university and institute students through data collected from a data collection questionnaire. As a result of this research, we have found that 17.4 % members in student unions and youth organizations. However, 82.6% were not members of any organization, and only 29.4% of the participants were members of political parties. With regard to their active participation in the political process, it is interesting to note that 60.7% of the respondents do not have information about single-constituency and multiple-constituency system for the elections in the Kurdistan Region.

**Keywords:** Youth, Political System, Political Participation, Civil Society, Democracy.

## سەرچاوەکان

الالوسی، رعد صالح(2006)، التعددیة الساسیة فی عالم الجنوب، عمان.

اهرنبغ، جون (2010) المجتمع المدنی، ترجمه: د.علی حاکم صالح، د.حسن ناظم، دراسات الوحدة العربیة، 2010.

الحسن، احسان محمد(1999)، موسوعة علم الاجتماع، الدار العربیة للموسوعات، بیروت- لبنان.

الزایدی، منجی (2006) ثقافة الشباب فی مجتمع الإعلام، الدار البیضاء المغرب، مجلة عالم الفكر، العدد الأول، مجلد 35.

الزیباری، طاهر حسو(2006)، دوؤر المرأة الكردیة فی المشاركة السیاسیة- دراسة میدانیة اجتماعیة فی مدینة اربیل، دار ئاراس للطباعة و النشر، اربیل.

السمالوطی، نبیل محمد توفیق،(1987)، علم اجتماع التنمیة، دراسة فی اجتماعات العالم الثالث، الإسكندریة، الهیئة المصریة العامة للكتاب، الطبعة الثانیة.

عباس، محمود عوض،(1999) مدخل إلی علم النفس النمو: الطفولة- المراهقة- الشیخوخة، الإسكندریة، دار المعرفة الجامعیة.

فریث، سایمون(2001)، علم الاجتماع الشباب، اتجاهات جدیدة في علم الاجتماع، بغداد، دار الحكمة.

فهمی، مصطفی، (1998) سیكولوجیة الطفولة والمراهقة، مصر، مكتبة مصر.

مجموعة من المؤلفین (2004) معجم الوسیط، اسطنبول، دار الدعوة، الطبعة الثانیة.

المشهداني، محمد كاظم(1991)، النظم السیاسیة، جامعة بغداد، بغداد.

معتوف،فریدیک (2010)، معجم العلوم الاجتماعیه، اكادیمیا انترناشیونال، بیروت.

الیونسكو والشباب : الاستراتیجیة"، الیونسكو، اطّلع علیه بتاریخ 23-2-2017.
https://www.un.org/ar/global-issues/youth

صبوری، منوجهر(1381)، جامعه شناسی سیاسي، انتشارات سخن، تهران.

Mannheim, Karl. (1952- 1981). The problem of generations in Mannheim. K. Essays on the Sociology of Knowledge (First Published 1923).

McClosky,h(1968), political participation, international Encyclopedia of social science, collier-Mac,Illam, Nr.